# پەمەیی ناسوور

## فەرهاد ساڵەحی فەر

فەرهاد ساڵحی فەر، لەدایکبووی ساڵی ١٣٦٠ی هەتاویی لە ئاوایی بێژوە، ناوچەی ئالانی سەر بە شاری سەردەشتە. لە ساڵی ١٣٧٦ـەوە دەستی کردووە بە نووسین و تێکەڵاوی دنیای ئەدەبیات بووە، لە یەکەم دانیشتنی ئەنجومەنی ئەدەبیی سەردەشترا تا ماوەی ١٥ ساڵ ئەندام بووە و بۆ ماوەی دوو دەورە ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەر بووە. لە گۆڤار و بڵاوکراوە کوردیی و فارسییەکاندا بەرهەمی بڵاوکردووەتەوە و بەشداریی لە کۆڕ و شەوە شیعر و فێستیڤاڵەکانی شارە کوردییەکان کردووە، لەگەڵ ئەندامانی ئەنجوومەنی ئەدەبیی سەردەشت ماوەیەک گزنگیان چاپ کردووە، کە کۆمەڵە نووسراوەی ئەندامانی ئەنجوومەنی لە خۆ گرتووە و بۆ یەکەمجاریش لە سەردەشت، گۆڤارێکی خوێندکاریان بە نێوی ندای شما لەگەڵ چەند هاوڕێی تر، بڵاوکردووەتەوە. فەرهاد چەند کۆمەڵە شیعری بە زمانی کوردیی و فارسیی ئامادەن، کە ساڵی ١٣٩٤ دوو کتێبی شیعریی بە زمانی کوردیی بە ناوی «با حەریفی پەردەکەم نابێ» و «شوێن پێی با» لەلایان بڵاوکراوەی زانستگەی بۆکان چاپ کراون.

لەناو ئیمێلە کۆنەکاندا بە دوای ناونیشانێکدا دەگەڕام، کە چاوم بەو تەرحە تازانە کەوت، کە وەک مۆدێل بۆت ناردبووم، شۆرتێکی ژنانە لە ٦ ڕەنگی جۆراوجۆر، کە دواتر زانیم کۆپیکراوی ناو ژۆرناڵێکی لانیکەم ٤٠ ساڵ لەمەوبەرە، بەڵام ئەو کات تەرحەکە سەرنجی ڕاکێشام و بەبێ دەستتێوەردان وەک خۆی درووومان..
پێشتر، وەڵامی نامەکانت، پۆستەچی دەیهێنان و ئێستا بە ئیمێل چەند کاتژمێر دوای نووسینی نامەکانی خۆم، وەڵامی تۆشم بۆ دێتەوە، بۆ من ئەو چێژەی جارانی نییە، تۆش نازانم..
کە ئێوارە دادەهات، دڵتەنگییەک لە درزی دەلاقەکەوە، دزەی دەکردە ژوورەکەم، دڵتەنگییەک، کە جارناجارێک بە سووڕاندنی میلی ڕادیۆیەکەم دەپەڕی و جاری واش بوو، دەئاڵایە لقی دارخوورمالوویەکەی حەوشە! بۆ من، کە تەواوی خۆم لەبەر ئەم پەنجەرەیەدا کۆکردبووەوە، لەرینی لقی دارخورمالوو لە ناو حەوزەکەدا، دەبوو بە دیمەنێکی هەستبزوێن، نازانم ڕەنگە سەرقاڵی ڕۆژەکانی پڕ لە جەنجاڵیی «تاران» ئەوەندەی لە خۆم دوور کردبوومەوە، کە ئێواران کاتی گەیشتنەوەم بۆ ماڵ، بۆ چەند ساتێک فریای ئەوە دەکەوتم خۆم، ژوورەکەم و دڵتەنگییەکانم لەبەر ئەم دەلاقە تۆزلێنیشتووە دەور بکەمەوە، ڕادیۆ، لانی کەم لە سمایلی هاوڕێم هاوڕێتر بوو، کە لەگەڵ هاتنەوەی جاجمە دەستەچنەکەی دایکی، بەسەر خۆیدا دەدا و بێ سێودوو خەوی لێدەکەوت. بەڵام من تا درەنگان چاوم دەبڕیە لقی شۆڕبووەوەی دارخورمالووەکە و چایەکی تاڵ و پڕکردنەوەی خانەکانی جەدوەلی ناو گۆڤارەکە... دوو پیتی؟ .... تامی خورمالوو ... گ... س...
بارانیش، کە دەباری، لەگەڵ بۆنی گڵی دیوارەکەی بەرانبەرم و جارناجارێک بۆنی دووکەڵی تریاکی ژوورەکەی ‹غوڵام› دەهات! بە پلیکانەکاندا دەچوومە سەر، کە وەک هەموو جار بە گژیدا بێم، بەڵام لە نیوەی ڕێگەدا دەنگی وشکی ویۆڵۆنەکەی، هەموو شتێکی لەبیر دەبردمەوە و تەنیا لە ژێر شیروانیەکەدا، ترپەی بارانم لەگەڵ ڕێچکەی دڵتەنگییەکانم ڕێکدەخستەوە..
بۆنی گوڵەکانی ناو چارشێوی هەڵخستراوی سەر تەناف، لەگەڵ تامی مزری خورمالووەکانی بارانلێدراو، ئیما و ئیشارەکانی ئەو ژنە کەڕوڵاڵە و جارجارە نووزاندنێک، لەگەڵ هەوڵی بۆ تێگەیاندنی مێردەکەی، غوڵام و ویۆڵون و پڕکردنەوەی خانەکانی ناو جەدوەل و سمایل و پرخەی لە ناو جاجمەکە و...
باڵاخانەیەکی کۆنی دوو نهۆمیی، کە نهۆمی یەکەم، لانی کەم ١٢ وەتاغی جیاجیا و هەرکام ماڵێکی سەربەخۆ من و سمایل، سێ دانە پاکستانیی، چوار ئەفغانیی لە دیوێکدا، ژنێکی کەڕوڵاڵ و مێردەکەی، لە ژێر زەمینی حەوشەش کارگەیەکی دروستکردنی ئاوێنە، شەمعدان و چوار کەسی شومالیی، حەوشەیەکی دەرندەشت و حەوزێکی دوو لەسێ بە چەند ماسی سوور و دارخوورمالوویەکی پیر، ڕەنگە پیرتر لە هەموومان، ‹غوڵام› بەڕواڵەت موفەنگی و شارەزای ویۆڵۆن و وەستای دروستکردنی فەنەری کاسە نەمەدی سەیارە، دیوەکەشی هەم جێگەی حەوانەوە و

هەمیش شوێنی کار، تارانێک پڕ لە جەنجاڵ و باڵاخانەیەک پڕ لە جەنجاڵیی، وەرزی گەیشتنی خورمالووەکان، باران و دڵتەنگیی، بەڵام من دەلاقەیەکم هەبوو، کە تەواوی ئەو دیمەنانەی، وەک درامایەکی هەڵیت پەڵیت نووسراو لەپێشچاوم وێنا دەکردن... دەزانم ئێستا، کە خەریکی خوێندنەوەی نامەکەی منیت، وەک هەمیشە، کە دەگەیە ئێرە، نامەکە لە دەستتدا دەپووچێنیەوە و چاوەڕوانی بەشی دووهەمی نامەکەم نابیت و لە دڵتدا دەڵێی: چاو لەو گەوجە، تەنانەت ڕستەیەکیشی بۆ من نەنووسیووە و دیسان خەریکە چیرۆکە وەسفاوییەکانی خۆی، وەک نامە دەرخواردی من دەدات! تۆ دڵت ئێستاش لەلای سڵاوە گەرمەکانە، کە دواتر هیچ کات لە هیچ نامەیەکدا دووپاتم نەکردنەوە بۆت... باوەڕ بکە، من بە دوای کەشفی هیچ شتێکەوە نیم، کە لە سووچێکی ئەم حەسارەدا، ئەم دیوەم گرتووە، با ئەو پەنجەرەیەش لە پەنجەرەی سەر هەیوانەی ماڵەکەی ئێوە بچێت! ئەسڵەن بەمن چی، کە ئەم کۆڵانە تەنگەبەرە؛ بۆنی نارنج و خورمالووی تازە گەیشتوو دەدات، بارانی ئێرە و ئەوێی چی! باران هەر بارانە و تەواو، بۆچی پێت وایە مرۆڤەکان کۆیلەی دەستی ڕابردووی فڕێدراوی خۆیانن؟ من چ کارم بە جەدوەلە نیوەچڵەکانی تۆ داوە؟ منیش وەک سمایل، ئەگەر جاجمەی دەستەچنی دایکیشم نەبێت، دەچمە ژێر پەتووەکەم و خۆم دەشارمەوە لە خۆم، ئەرێ لە خۆم! هەمووی خەتای خۆمە، کە یەکەمجار بەم کۆڵانەدا ڕابووردم...

تا ...توو...ت ..ی.. تاتا ت ت ت ....خب؟ تی تت تی تاا تتت تت ... دەی؟ نا تتا ت ت تیی تاااات تت ...»

سمایل داوەرە کاکە بزانە دەڵێ چی، من مێشکم نایکێشی و درەنگیشمە دەبێ بڕۆم... بەیانان بەر لەوەی زیرەی کاتژمێرە کۆککراوەکە وەخەبەرم بێنێ، لە خەو هەڵدەستام و بەر لە هەر شتێک هەڵمی شووشەکەم لادەدا، خوورمالووکان هەموو چنرابوون، تەنیا دارێکی ڕووتی بێگەڵاو سوورایی شۆرت و ستیانە هەڵخراوەکانی سەر تەنافەکەی سووچی حەوشە، شان بەشانی چارشێوە گوڵدارەکە.. ئەرێ ئەو ژنە تەواوە؟ ئەو هەموو کوڕە حازەبە لەم ماڵەدا دەژین، بۆ وا بێشەرمانە جلەکانی ژێرەوەی بە سەر تەنافدا دەدا؟ کە ئاوڕم دەدایەوە، تەنیا جاجمە قەدکراوەکەی سمایل لەسەر تاقەکەبوو و دەچوومە سەر حەوزەکە و لوێچێکم ئاو بە دەموچاومدا دەدا... ئەرێ تۆ وەڕەز نابیت لەو هەموو جەدوەل حەلکردنەت، پیاو؟ خەیاڵم دەپەڕی و دەرگەی باڵکۆنەکەت دادەخەست و جلەکانی سەر تەنافت دێنانەوە ژوور.

چاوم هەر لەسەر ویترینەکە بوو

ئەو پەمەییە جوانە کاکە؟

نا نا، ئەوەی تەنیشتی، سووره هەنارییەکە...

قەوارەی چەند بێت؟

قەوارەی چی؟

بۆ خێزانت ناوێ، مەگەر نازانی قەوارەی چەندە؟

وەک سووره هەنارییەکە، سوور هەڵدەگەڕام، هەر ئەمەیان باشە تەواوە.

ئیمێلێکی ترم نووسی، ئەرێ بەڕاست نامەکانی منت تا کۆتایی دەخوێندنەوە؟ یان...